کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-7-2007 0:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێک بۆ (م. عەونی خۆشناو) ... دیارە باوی زوڕناژەنین بۆ ئەحزاب لای ئێوە هەر ماوە ... سەیران ئازاد :**

بەریزتان وەڵامی خاوەن وتارێكتان دابووەوە كە بە ڕای جەنابتان باشی نەوتوە بەو سێ پاڵەوانەی میللەتی كورد (تاڵەبانی و نەوشیروان و كۆسرەت) . وە چەندین تۆمەتت بۆ دۆزیوەتەوە بەڵام ئەوندە زیرەك نەبوویت كە خۆت لە چەندین تۆمەت دووربخەیتەوە. من هەوڵ ئەدەم وەڵامی بۆچوونەكانی خۆت بدەمەوە وە دەڵێم:

تازە بە تازە جەنابت دەتەوێت بمانگەڕێنیتەوە ڕۆژانی شمولیەتی حیزبی بەعس و سانسۆر خستنە سەر نووسینەكانی میللەت بە بیانووی ئەوەی گوایە ئەو نووسینانە خزمەت بە میللەت ناكەن؟ ئەی بەڕێز چی خزمەت بە میللەت ئەكات شاردنەوەی ڕاستیەكان و پیا هەڵدانی سەركردەكان و زوڕناژەنین بۆیان وەك ئەوەی جەنابت كردووتە یان كوشتنیان و مۆڵ كردنەوەی ماڵی میللەت بۆ خۆیان؟ئاخر هەر ئەو كارانە ێدامیان درووست كرت.

باسی ئەڵقە لە گوێی دەكەیت وەڵا لێمان تێك چووە نازانین كی ئەڵقە لەگوێیە ئەوەی كە بە شان و باڵی سەركردە كانیا هەڵئەدا یان ئەوانەی هەر ڕۆژەی عەمیلی دەزگا ایستخباریە نێو دەولەتیەكانن؟

یان ئەوانەی ڕاستیەكان دەرئەخەن بۆ میللەت و نایانەوێت جارێكی تر میللەت چیتر لەوە زیاتر چەواشە بكرێت. ئاخر ێدامیش هەمان شت بە هەر خاوەن ووشەیەكی ڕاستی ئەوت ئەلقە لە گوێی بیگانە

لای بەڕیزتان دەست نیشانكردنی تاوانباران و خیانەتكاران و كورد كوژانی كورد خیانەتە؟ ئەی شاردنەوەیان و پاساو هێنانەوە بۆ تاوانەكانیان ئەوە نیشتمان پەروەریە؟؟؟

ئەوكارەساتە گەورەیەی سەركردەكانت هێنایان بەسەر میللەتی كوردا بە كوشتنی زیاد لە (3800) ڕۆلەی ئەم میللەتە و هەتیو خستنی زیاد لە دە هەزار مندال و بیوەرژنكردنی هەزارەها ئافرەتی كورد و ویرانكردن و داگیركردنی سەدان خانوو بەرای جەنابت بە تەنها ووشەیەك بیری خۆمانی بەرینەوە بەو ئاسانیە وەك جەنابت ئەڵێیت (شەڕیكی نەخوازراو و نەگریس بوو) و تەواو؟ ئافەرین كاكی كورد ئاوا ڕێز لە خوێن و ڕۆحی ڕۆڵەی میللەتەكەت ئەگریت ئەوەندەی عەرەبەكانت لێنەهات بۆ تەنها 142 نەفەر گەورەترین دیكتاتۆری عەرەبی خۆیان خنكاند؟ بەڵام ناحەقت ناگرم چونكە هەرگیز بڕاواناكەم شەوان گوێت لە گریانی كۆرپەیەكی بێ باوكی شەڕی كورد كوژیت گوێ لێبوبێت یان بێ نازی بوكێكی 3 مانگەی خێر لەخۆ نەدیو یان برسێتی و بێ لانەیی چەندین ئاوارەی ئەو شەڕ ڕەشە. بەڕاستی تۆ بێ وِیجدانی نەك ئەوەی كە بیەویت تاوانی تاوانباران دەرخات. بەڕیز تاوان وەك قەرز وایە كۆن ئەبێت بەس نافەوتێت وە تاوان كردن كورد بیكات و عەرەب هەر تاوانە. بەڵام من مژدەی ئەوەت پێئەدەم هەر ئەو دادە گەردوونیەی هاتە جۆش و پەتی سێدارەی كردە ملی ێدام ئەی كاتە مللی ئەوانیش (سبەی بۆ چاوەڕێكارانی نزیكە) . حەیانەت بۆ هیچ تاوانبارێك نیە وە پەتی قەنارە كەس ناناسیت و هیچ ملێك بە ئەستوور نابینێ وە كە گرۆلە كەوتە لێژی سەرناكەوێتەوە.

باسی كام خەباتی نیو سەدەیی ئەو سەركردانە دەكەیت. ؟ خەباتی دووبەرەكی و خیانەت و عەمالەت و شەری شاخی نیو حیزبەكان. یان خەباتی جاشایەتی شەستەكان، یان خەباتی مین ڕێژكردنی زاخۆ و كوشتنی 76 كەس یان دیل راكیشان و دەستی ایتلاع گرتن و بەعس هینانە هەولیر یان خەباتی تیرۆركردنی نەیارانی خۆیان و حیزبە كوردیەكانی ئەودیو سنور یان خەباتی دزینی سامانی میللەت؟ یان تەعزیبی ناو بەندیخانەكانی دەزگای زانیاری و پاراستن. ؟

نەك تو تا ئیستا كەس لە نەوشیروان تینەگەیشتووە كە هەلگری كام بیرۆكەی سیاسیە یان تەنانەت چ ئاینێك چونكە دەیان جار خۆی بیردۆزەكان بە درۆ ئەخاتەوە كە پێشتر باوەڕی پێی بوە تەنانەت ئەم

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مارکسی لینیزمەی کە ئەو دامەزرینەرو پیشەوای بوو لە گەڵ ژیانی ناو (ی ن ك) دا سەد دەر سەد پیچەوانەیە. هەرئەو نەبوو لە شاشەی تلفزیونەوە لە سالی 1992 بۆ پرۆپاگەندەکردن بۆ هەڵبژاردن ووتی ئێمە تا ئێستا دژایەتی شێخ و ئاغاو دەرەبەگ و عەشیرەتمان کردوە بەلام نەمانتوانی لەکوردستان لە ناویان بەرین ئیستا ئەبێت باوەشیان بۆ بکەینەوە، تەنها بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زیاتر بە دەست بینن ئافەرین (مبدڕ) (پرولیتاریا و بۆرجوا لە ناو یەك هەمانەدا) ؟ (الغایە تبرر الوسیلە) کوان هەوادارانی حکومەتی پرۆلیتاریا.

هەموو حیزبەکوردیەکانی تریش نەك تەنها باوەریان بە دیموکراتی نیە بۆ میللەت تەنانەت لەناو حیزبەکانی خۆشیاندا باوەریان پیی نیە. بەڕاستی نوکتەیە ئەرێ بەڕێز تو لەو بروایەدای تا ئەبەد یەکێك جێی تاڵەبانی یان بارزانی بگریتەوە کوا کۆنگرە کوا هەڵبژاردن؟ یان دیارە (حالەتە تەواریە 50 سال) کەی حکومەتە عەرەبیەکانە بۆیە نایکەن یان (مواماراتی ئیقلیمی) یان لەسەرە و میللەت لە هەرەشەدایە؟لە کۆتاییدا ناحەقت ناگرم چونکە تۆ خۆت دووپاتی ئەوە دەکەیتەوە کە قووتابی فیرگەی شۆڕشی ئەوانی بەلام ئەو ڕاستیە بزانە کە مەرج نیە هەموو کەس ئامادە بێت وەك تۆ قوتابی ئەو (شەرگە) ببورە (فیرگە) شۆرشەی ئەوان بیت. پیرۆز بە خۆت.

دوا نەسیحەت هەرچەندە پیدەچیت تۆش وەك زۆریك خەلك سوود مەند بوبیت لە پیا هەڵدانی سەرکردەکانت بەڵام ئەوەت پێ ئەڵێم باوی زوڕناژەنی نەما چونکە بەعسمان بیر ئەخاتەوە و بۆتە شتیکی عەیب و قیزنەوون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.